ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# میللەت و سەرپەرشتی پرۆسەی دیموكراتی

بارزان شوان

uvnbas@hotmail.com

مەبەست لە شیكردنەوەی ئەم بابەتە ئەوەیە كە چۆن ئێمەی نەتەوەی كورد بتوانین سوود وەربگرین لە مێژووی بنەماو بناغەی بەرپابوونی دیموكراتیەت، وە بە لەز تێكۆشین و هەوڵدەین بۆ بنیاتنان و دامەزراندنی كۆمەڵگایەكی یەكسان وەك گشت گەلانی ئازادی جیهان.

دیموكراتیەت ئەو دەرگا یاساییە ئاواڵەیە نیە كە هەر كەسە بە خواست و ویستەكانی خۆی لێكیداتەوە، بەڵكو خۆی لە خۆیدا كۆمەڵێك لە مافی رەوای هاوڵاتیە، كە دەبنە هۆی دامەزراندنی ووڵات و چێكردنی دەولەتێكی سیاسیی. رەچاونەكردنی خودی دیموكراتیەت، دەبێتە هۆی پێشێلكردنی یاساو مافەكانی گەل، هەر دیموكراتیەتە كە هەتاوەكو پادشاو سەرەك كۆمارەكانیش ناچار دەكات، ملكەچی یاسا بنەرەتیەكانی كۆمەڵگا بن.

دیموكراتیەت بەخۆی برگەگرییەكی سیستێمی كۆمەڵگایە، كە لە بیر وبۆچوون و هزری مێشك پێكهاتوە، ئەم چەند بیروباوەرە لە خودی ناوی دیموكراتی دێرینترە. بناغەكەی یەكسانی ویەك نرخی تاك و چین و توێژی كۆمەڵە ، ئەمە هەر بە خۆی هێندەی مێژووی پێكهاتووی مرۆڤ كۆنە، هەر لەبەر ئەوەیە كە تا وەكوو ئێستاش زەحمەتی تێگەیشتنیمان هەیە.

دوای جەنگی جیهانی دووەم دەركەوت بۆمان كەئەم برگەیە بەتەنها ناتوانێت تا هەتایە مانەوەو ژیانی مرۆڤ بپارێزێت. بەڵگەش بۆ ئەمە هاتنی هیتلەرە بۆ سەر تەختی دەستەڵات كە لە روانگەدا ئەو بەخۆی بە شێوەی هەڵبژاردنێكی دیموكراتیانەی خەڵكی هاتە بژاركردن، هەر لەو دەمەدا گەلێك لە هاوڵاتیانی ئاڵمانیا بەراستەوخۆ، بوون بە پاڵپشتی هاتنی فاشیەت و رەگەز پەرەستی ، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٤٥دا نەتەوە یەك گرتوەكان هاتە كایەوە و لە ساڵی ١٩٤٨ یشدا. یاسای مافی مرۆڤ هاتە سەقامگرتن .

رۆبەرت دالی فەیلەسووفی ئامریكی لە سێ برگەدا بناغەی بنە ماكانی دیموكراتی دەكۆڵێتەوەو دەڵێت كە!

١_ هەر مرۆڤێك شایەنی ماف و پلە وپایەی خۆیەتی.

٢_ هەر مرۆڤێكی پێگەیشتوو یاخود گەنج بە گشتی بە خۆی بریاری چارەنووس وئارەزوەكانی خۆی دەدات

٣_هەرمرۆڤێكی گەشە كردوو ئەوەندە تێگەیشتوە كە بەخۆی بریاری بیروباوەڕ و بۆچوونی خۆی دەدات.

ووشەی دیموكراتی لە زمانی یۆنانیەوە هاتوە وە ماناكەشی بەرێوەبەرایەتی یاخود (سەرپەرشتی میللەت) دەگرێتەوە. ئەو فۆرم و ئادگارەی كە یۆنانیە(گریكیە) كۆنەكان بەر لە ٤٠٠ ساڵی پێش زایینی دا بەرێویان دەبرد ،دەتوانین بڵێین چاتر بوو لە ئادگارەكانی سەردەمی ئێمەدا، ئەویش هەر لە بەر ئەوەی كە ئەوان لەو كاتەدا گشتیان لەسەر گردی (پنیوكسدا) كۆ دەبوونەوە و بە تێكرایی بریاریان دەدا لەسەر ئەو یاسایانەی كە دەبێت رەچاو بكرێن.

ئەم بەرێوەبردنە بەرداوام بوو تا وەكو ساڵانی ٣٠٠ی پ.ز ، بەڵام لەوە بە دواوە تا وەكو ساڵی١٥٠٠ زایینی ئایین و سیاسەت شان بە شانی هەڤدی دەستەڵاتدار بوون. بنەماكانی دیموكراتی وایان لێهاتبوو كە سەرۆك تیرەو ئەمیر و پادشاكان

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ببوون بە ناردراوی (نوێنەری) خودا و ئەوان بۆیان هەبوو گشت بڕیارێک دەرکەن و بیکەن بە یاسا، ئەم کارەساتە بەردەوام بوو تا وەکوو هاتنی مارتین لووتەر لە شاری ڤیتەنبۆرگی ئاڵمانیادا، وە هەر ئەو ٩٥ تێزی بۆ گۆڕانکاری دامەزراند.

لە ڕاستیدا ئینگلیزەکان بوون بە هۆی پێشکەوتنی دیموکراتی کاتێک کە دوو فەیلەسووفی وان بە ناوی توماس هۆببس و ژۆن لۆکک بەرنامەی نوێیان دارشت، کە تێیدا هاتوە و دەڵێت! دەستەڵات بە هیچ شێوەیەک لە خوداوەندەوە نەهاتوە بەڵکوو لە میللەتەوە هەڵقوڵاوە، ئەم دەستەڵاتەش پێکهاتوە لە ڕێکەوتن لە نێوان دەستەڵات و گەلەوە، بە واتای ئەوەی کە میللەت خزمەتکاری دەستەڵات نیە بەڵکو دەستەڵات بەخۆی خزمەتکاری گەل و نەتەوەیە.

سالآنی کۆتاییی١٦٠٠ و سەرەتاکانی سالآنی ١٧٠٠ بە چەرخی ئاگاداری و ڕوونکردنەوە دەژمێردرێت. یەکێک لە هەرە مەزنە گۆڕانکاریەکان شۆڕشی فەرەنسایە کە لە ساڵی ١٧٨٩ دا ڕوویدا، هەموو چینەکانی گەل هێرشیان کردە سەر قەلآی باستێل و گرتیان، لە دوای چەن کۆبوونەوەیەک و لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا مەڵبەندی کۆبوونەوەی میللەت دامەزراو مافی چارەنووسی مرۆڤ و نەتەوەیان تیادا چەسپاند.

بەناوبانگترین فەیلەسووفی ئەم چەرخە فەرەنسیەک بوو بوو بە ناوی چارلس لویس دێمونستێک کە بووبە دامەزراندنی دوو بیر و بۆچوون ئەویش بە یەکجاری کاری کردە سەر پرۆسەی دیموکراتی، یەکەمیان دابەش کردنی دەستەڵات بوو دوەمیشیان دامەزراندنی بنەما یاساییەکان بوو کە پێکدێت لە بنکەی بڕیاردان کە پارلەمانە و میریە کە بە جێبەجێ کردنی بڕیارە دەرچووەکانە و داد و دادوەریە کە دەزگایەکی سەربەخۆیەو کارەکەی پێک دێت لە پشکنین و سرەپەرشتی ئەم ئۆرگانانە.

چوارچێوەی دیموکراتی بەستراوە بەچۆنێتی و هەڵسانگاندنی تاکە جیاوەزەکانی کۆمەڵ وبناغەکەی یەکسانی و ماف و نرخی مرۆڤ و چین و توێژەکانی گەلە، مەرجەکەی گرێدراوە بە بیروباوەڕوی ئازاد و حوکمو دادی سەربەخۆوە و بە هیچ جۆرێک بە دەستەڵاتەوە گرێ نەدراوە. مەرجەکانی دیموکراتیەت هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆیە، ئەمەش کارمەند دەبێت بەو جۆرە پارتە سیاسیانەی کە کار دەکەن بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەو کۆمەڵگایەدا، کە لە گەڵ پرینسیپەکانی میللەتدا یەکدەگرنەوە بۆ دواڕۆژێکی گەشبین بۆ گشت تاکەکانی کۆمەڵ.

کۆمەڵ پێشدەکەوێت بە دەزگا کانی بلآوکردنەوەی بێلایەن، نەبەستراوە بە باوەڕی چینو دهستەڵاتێکی سیاسی، لە گەڵ ئەو ڕێکخراوە جەماوەریانەی کە گورجوگۆڵانە کاردەکەن لە نێو چینە جۆراوجۆرەکانی گەلدا، ئەمانە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی جەماوەرن کە بە شێوەیکی ئازادانە بیردەکەنەوە.

بەرپرسی سیاسی خواستی گەلە لەو حیزبەی کە حوکم دەگێڕێ لە وڵاتدا. دەستگاکانی ڕۆشنبیری و خوێندن و لێ کۆڵینەوە و زانیاری بلآوکردنەوەی ئاشکرا بناغەیەکن بۆ ڕێکخستنیان، کولتوورێکی دیموکراتی بۆ یەکسانی و ڕێز و خۆگرتن بەرامبەر بۆچونەکانی تاکو گروپەکان، هەر بەخۆشیان لەنێو ئەم ڕواڵەتانەدا یەکدەگرنەوەو دەبنە بنامایەکی بناغەیی بۆ چەسپاندنی دیموکراتیەت لە نێو گشت چینو توێژەکانی کۆمەڵدا.

دیمۆکراتیەتێکی باش لەنێو دەزگاکان و پەیمانگاو چینەکانی دەوڵەتدا، داوای بەشکردنی دەستەڵاتە دەکات.

بەڕیوەبردنی دەزگاکانی کۆمەڵ و پێشخستنێان دەبێتە هۆی سەقام گرتنی دیموکراتی، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە ڕەوایانە دابەشی تواناکانی کۆمەڵگا بکات وە بتوانێت کە دەستەڵات زەوتکردن بنەبڕبکەی وە ڕەشوە و پارەدان بن بڕبکرێت وە بە یەکچاو تەماشا کردنی گشت تاکەکانی گەل بەرامبەر بە یاسا دڵنیا بکەیت. ئەمە ژێرخانێکی بنچینەییە بۆ بەڕێوە بردنی کارەجۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگادا.



ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا دەتوانریت گرژی و ناخۆشیەکان و شەڕو پێکدادان بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت. کۆمەڵگا بە بەکارهێنانی ئەو میکانیزمیانەی کە دژ بەیەکن و ڕوودەدات لە نێو گروپە جیاوازەکانی گەلدا پێشدەکەوێت. ووڵاتت گەشە دەکات بە کردنەوەی فابریک و کارخانە. یارمەتی جووتیاران بدرێت بۆ بەرهەم هێنان و بە گوڕ هەوڵ بدرێت کارو شوول بۆ گشت تاکەکان و هاوڵاتخان بدۆزرێتەوە، گەل زیاتر بەرەو پێشدەڕوات گەر هەوڵبدرێت هەر کەس بە لای خۆیەوە مانای بەرپرسایەتی بزانێت وە کۆمەڵ بە گستی هان بدرێت بۆ ڕیزگرتن لەو یاسایانەی کە هەن وە هەر کەس بە شێوەییەکی دیموکراتی داوای مافەکانی خۆی بکات.

بەشداربوونی خەڵکی لە گشت بوارەکاندا و دابەشکردنی دەستەڵات لە نێو دەزگاکانی میریدا دەبێتە هۆی یەکخستنی چینەکانی میللەت و باوەڕو دڵنیابوونەوەیەکی ئازاد.

ئەو دیمکراتیەتەی کە ئاشکرایە و دەتوانین بە شێوەیەک بیبینین کە لە بەر چاودایە ، ئەوەیە کەبتوانرێت حوکمێکی دیموکراتیانەی تیادا بەر ئەنجام بدرێت.

لەم فۆرمەدا میللەت خۆی نوێنەرانی هەڵبژێردراو دەبژێرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشدار بێت لە بڕیار دەرکردندا.

شێوەی جۆراو جۆر هەیە بۆ ئەوهاوڵاتیانەی کە وەک نوێنەری گەل دێنە هەڵبژاردن!

١ ~ ئەم نوێنەرانە بە ڕاستی نمایندەی ڕاستەقینەی گەل بن.

٢~ئەم نماییندانە دەبێت هەمان بۆچوونی ئەو خەڵکانەی هەبێت کە هەڵیانبژاردوە.

٣~کاری ئەم نوێنەرانە ئەوەیە کە ئاوات و بۆچونی ئەو کەسانە بێنێتە گۆڕەپانی گفتوگۆ کە هەڵیانبژاردوە.

٤~ئەم نوێنەرانە هەڵگری ئارمانج و هاتەدی خەڵکانن کە هەڵیانبژاردون.

٥~ئەم نوێنەرانە دەبێت لێهاتو و خاوەنی خووڕەوشتی جوان بێن و خۆڵقێنەر بن

ئەم نوێنەرانە دامەزراون بۆ بنیاتنانی پایەی دیموکراتی لە ڕوانگەی بیرکردنەوەی ئازاد دا، نوێنەرانی خەڵکی هەمیشە بۆ یەکسانبوونی گشت چینەکانی گەل هەوڵ دەدەن گەرچی بۆچوونی هەندێک لەوان لە گەڵ بۆچوونی خۆشیاندا نەگونجێن و یەک نەگرنەوە

چوار شێواز دێتە یادکردنەوە لەم نێوانەدا کە بریتین لە!

١~هەڵبژاردنی نووێنەران/// دەبێت دووبارە بکرێتەوە بۆ گۆڕینی ئەو ئەندامانەی کە لە لایەن گەلەوە بژاردراون، ئەم کارەش هەر بۆیە دەکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی ئازاد بن لە گۆڕینی ئەو نمایندانەی کە ئاواتی خەڵکان ناهێننە دی.

٢~نمایندەکان دەبێت سەربەخۆیی هزریان هەبێت، کاتێک کە دەیانەوێت بڕیارێک دەربکەن، دەبێت لە گەڵ نوێنەرانی تردا گفتوگۆیەکی پڕبە سوود بێننە ئاراوە، جا دوای ئەوە پێکەوە دەتوانن بگەنە بڕیارگرتن.

٣~گەل ئازادی دەربڕینی بیروڕای خۆی هەیە ئەم نوێنەرانە بۆیان نیە کار کەنە سەر بۆچوونەکانی خەڵکی.

٤ ~ هەرچی دەربارەی ئازموونی ڕادەربڕینیشە، گەل بۆی هەیە کە ڕای خۆی دەربڕێت بەرامبەر بە نوێنەرانی سیاسی، ئەم نماییندانە بۆیان نیە کۆنترۆلی خەڵکان بکەن.

دیموکراتی سیستێمێکە کە هەردەم پێکهاتوە لە بەگژاچوونی بیروڕا لە نێو گرووپەکانی میللەتدا.. گەل کاری بە سەر بڕیارگرتنەوە نیە، مەبەست لەو بڕیارە گرنگانە کە سەبارەت بە پێشکەوتنی ئابووری وڵاتەکەیەوەیە، بەڵکوو کاری گەل لەبەستراوە بە هەڵبژاردنی پاکەتە حیزبیەکانەوە و کیژان پاکەتی حیزبی هەڵدەبژێرن کە ئاواتە بەرزەکانی میللەت دێنێتە دی.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ئەویش بەرێگای ئەو بەرنامانەیە کە ئەم چەند حیزبە هەڵبژێردراوە هەیانە. کاری بە گەڵەوە نیە کە ئەم حیزبانە کێ بە سەرۆکی حیزبەکەیان هەڵدەبژێرن و ، ئەم حیزبانە نابێت لەخۆیانەوە سەرۆک بۆ میللەت بە زۆردی بسەپێنن، بە بێ هەڵبژاردنێکی راستەقینە .

وەک چۆن لە ١٥ ویلایەتی ئامریکادا دەبینین کە میللەت بۆی هەیە دەستەڵاتدارێک لا بدات، ئەگەر چەند نیسبەیەکی خەڵکی ئەمەیان خواست، ئەویش هەر بە شێوەی هەڵبژاردنێکی راستەقینەوەیە

سیستێمی دیموکراتیش پێویستی بە یاسای هەڵبژاردنەوە هەیە. ئەم خاڵە گرنگی لەوەدایە کە کەس بۆی نەبێت بە هەوەسی خۆیی و پارتەکەی بتوانێت یاسایەک دابنێت کە دەبێتە هۆی بەرژەوەندی حیزبەکەی و بردنەوەی پارتەکەی خۆی لە هەڵبژاردندا.

مافی دەنگدان بۆ گشت کەسێکە کە لە ١٨ ساڵ بەرەو ژوور بێت، ئەوانەی تیکچوون یان دووچاری تاوانی گەورە بوون بۆیان نیە مافی هەڵبژاردنیان هەبێت، هەندێک وولات ئەمەی کردوە بە یاسا کە گشت کەسێک بە پێی قانوون دەبێت برۆنە سەر سندووقی دەنگدانەوە، بەڵام ئایا ئەم شێوە زۆریە مافە رەوکانی گشتی دێنێتە بەرئەنجام؟

لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئامریکادا هەڵبژاردن بۆ هەموو پۆستێکی ئیداری دەکرێت ، بەڵام خەڵکی بێزار بووە لەم هەموو دەنگدانە جا هەر لە بەر ئەوەشە وان کردوویانە بە شێوازێکی بەرێوەجوون کە ویلایەتەکان تەماشای سەرووی خۆیان دەکەن و بەو شێوەیە پۆستە ئیداریەکان دابەش دەکەن.

**ناسینەوەی هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو**

١~هەڵبژاردنی گشتی

٢~سەندووقی دەنگدان تەرخان کرابێت بۆ گشت خەلکان کە مافی دەنگدانیان هەبێت

٣~هەر کەس وەک ئەوی دی مافی دەنگدانی هەیە

٤~ئیدارەکردنی ئەو مەڵبەندانە دەبێت بێ لایەن بن

٥~بە پێی یاسا رۆژی دەنگدان دەبێت بپارێزرێت

٦~دەرچوونی راپۆرتی هاوسەنگ لە مێدیاکاندا

رێکخراوە جەماوەریەکان تواناى پشکنینی ئەم دەزگایانەیان هەیە.

بە ماف و رەوا هەر کەس بۆی هەیە بروا بۆ دەنگدان لە بنکەو سندووقی دەنگداندا بەبێ ترسی پارتەکان یان لایەنەکانی دی وەک پۆلیس و ئاساییش و سەربازەکان.

دوای تەواو بوونی ئەم هەڵبژاردنانە، پرۆسەی کۆکرنەوەی دەنگەکان دەست پێدەکات، لە کۆتایشدا دوو جۆرە شێوەی جیاواز دەتوانرێت بکرێت بۆ بە دامەزراندنی حکوومەت، ئەوانیش بە زۆرینەی دەنگە یاخود بە سیستێمی هاورێژەیی یە.

ئەوانەی کە زۆربینەی دەنگیان بەدەست هێناوە دەتوانن بە خۆیان حکوومەت پێک بێنن کە سەرکردەکەی خەڵکی ناوچەیەکی دیاریکراوە وەک ئینگلستان، بەمە دەڵێن دەسەڵاتی تاکە حیزبی.

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ئەوی دی پێی دەڵێن زۆرینەی زۆری دەنگەکان، لێرەدا ئەم پارتە کە زیاتر ل٥١%ی دەنگی هێناوە بۆی هەیە حکومەت پێک بێنێت. بەڵام ئەگەر هاتوو دوو حیزب وەک یەک دەنگیان هێنابوو ئەوا دەبێت دووبارە هەڵبژاردن لە نێو ئەو دوو پارتەدا بکرێتەوە.

لە کاتی دانانی حکومەتی هاوڕێژەیی کە زۆر جار لە ئەورووپادا باوە دەکرێت، کە چەن حیزبێک پێکەوە حەکمڕانی بکەن و پۆستە ئیداریەکانیش بە شێوەی ڕێژە دابەش دەکرێن بۆ نموونە.لە١٠% دەنگەکان ١٠% پۆستەکانی بەردەکەوێت.

هەرچی دەربارەی حیزبە هاوپەیمانە بچکۆلەکانەوە هەیە، دەکرێت کە ئەم حیزبانە پێکەوە ڕێژەی زۆرینە لە پارلەماندا وەدەست بێنن.

بۆ حیزبەکان هەمە جۆرە سیستێمی هەڵبژاردن هەیە ، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە پارتەکان ناوی نامیندەکانی خۆی دەنووسێتەوە لە لیستی هەڵبژاردنەکەیاندا، جا چ بە شێوەی جۆغرافی بێت یان ناوچەیی. هەشە بە ناوی یەک لیست خۆیان هەڵدەبژێرن بە بێ ئەوەی ئاماژەی نوێنەرەکانیان بکەن.

لە هەندێک وولاتاندا بۆ نموونو ئاڵمانیا هەردووک سیستێم بە کار دەبرێت بە لێکدان یان بە تێکەڵی هەردوو شێوازە، کە زۆرینەی دەنگە یان شێوەی ڕێژەیی بەکار دەهێنن .

لە وڵاتی سوێد دا  سیستێمی دیموکراتی نوێنەرایەتی، ڕیژەیی بەکار دەهێنرێت، بە مانای ئەوەی کە میللەت لیستی پارتەکان و ناوی نامیندەی حیزبەکانی لە بەر چاودایە.

لەم سیستێمەدا ئەندامەکە بۆ نموونە، پەیوەندی نیە بەوەی چەندەمین ناوە لە نێو لیستی پارتە هەڵبژێردراوەکەیدا. بەڵکو بە زۆرینەی دەنگ نمایەندێتی پێ دەسپێردرێت.

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ZAGROS WEBSITE